# دەتبینمەوە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە شلێر ڕەشید
**September 05, 2005**

لەهەموو شوێنە دێرینە ئاشناکاندا,
کە دڵم خوازیارێتی
هەموو کات و ساتێ
دەتبینمەوە...

لە ناو قاوەخانەبچوکەکەی ناو باخی کەنار ڕێگا
خولانەوەی ئەسپی ناو یاریگای منداڵەکان
دارە قاوەییە سوور باوەکان
خۆزگەکان...
دەتبینمەوە..

لە هەموو ڕۆژانێکی هاوینی خۆشدا
لە هەموو شتێکی ڕووناک و دڵخۆشکەردا
دەتبینمەوە

هەمیشە بەم شێوەیە  بیرت لێدەکەمەوە
لە بەیانیانی خۆرەتاوا دەتبینمەوە
سەر لەنوێ کە شەو دادێ
سەرنجی مانگ دەدەم
تۆ دەبینم

هەر کە زەنگەکان لێیان دا
ئەتوت خۆشەویستیمان گۆرانی دەڵێت
سیحری (پاریس)بوو
یان کۆتایی نیسان

کێ دەزانێ ئەگەر ئێمە جارێکی تر بەیەک دەگەینەوە
لەگەڵ دەنگی شیرینی زەنگێکی تری بەیانیان
یەکترمان خۆش دەوێتەوە؟

---

سەرچاوە:

**Artist: Billie Holiday**

**Song: I'll Be Seeing You**